
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:58 29-10-2006

# بێستوون سابوراوایی: نوسەرو رۆژنامەنووس و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان... گەرئەوە ریفۆرم بی من قەت ئەوە بە ریفۆرم نازانم؟!! ... دیداری: مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی



نوسەرو رۆژنامەنووس و پێشمەرگەی رۆژە سەختەکانی سەردەمی شاخ بێستوون سابوراوایی کەچەندین پلەی سیاسی و رێکخراوەیی و راگەیاندنی بریوەو لەکاری حکومیشدا لە کابینەکانی بەرێزان (دکتۆر بەرهەم ئەحمەد صالح و عومەر فەتاح) دا وەکو یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت دەوری کاریگەرو بەرچاوی هەبوەو کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتیش بوەو لەخۆشی و ناخۆشیەکان لەگەڵ پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکان بووە، بۆیە بە پێویستمان زانی بەچەند پرسیارێك بیهێنینە دواندن کە بەرێزی خۆی کاندید دەکات بۆ لێپرسراوی مەڵبەندی دوکان.

پ1/سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان تۆ رات چۆنە لەسەر ئەو پرۆژەیەی کەلە لایەن دەزگای هەڵبژاردنی (ی، ن، ك) ئامادەکراوە؟

بێستوون سابوراوا یی//من لەوە تیبینی خۆم لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە دەزگای هەڵبژاردن هەیبوو بۆ هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان و رێکخستنەکان، سەرنجی تایبەتی خۆم هەبوو، بەڵام بۆ جاری دووەم کەپرۆژەکە دەسکاری کرا من بە پرۆژەیەکی باش و گونجاوی دەزانم تاکو ئەوەی کە سەرنجم لە سەری بی ئەوەیە، کەباشتر وابوو پرۆژەکە بۆ ئەو کەسانەی کە مێژوویەکی کۆنیان هەیە لەناو (ی، ن، ك) دا بۆ نمونە:گەر من خۆم بهێنمەوە بە نمونە، (30) ساڵ زیاتر ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووم، ئەو خەباتە دوورو درێژە دەبوایە لەپرۆژەکەدا رەچاو بکری، وەوابکرابایە کە راستەوخۆ خەڵکی وەکو ئێمە مانان بچێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن و رێگەی پی بدری کەخۆی هەڵبژێری بۆ یەکی لەو ئۆرگانانەی کەلە شوێنەکاندا دیاری کراون کە هەندی خەڵك ئێستا ئیشی حزبی نیە ئەبی بچی لەپۆلێك خۆی هەڵبژێری، یەکەم جار ببی بەلێپرساوی پۆل، ئەوجار بۆی هەیە بچێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن، وەئەگەر بمانەوی بۆ لێپرسراو مەڵبەند و جێگر خۆ هەڵبژێرین ئەوەش واپێویست دەکات موراجەعە بکرێتەوە، ئەگەر موراجەعە کرایەوە ئێمە هەست بەوە دەکەین رێزمان لی گیراوە، هەست بەوە دەکە ین کە حیسابی خەبات و ماندووبونمان بۆ کراوە، ئەمن پێم وابی کە دەکری ئەو پرۆژەیە بکرێتە ئەساسێك بۆ ئیش کردن لەسەری بە شێوەیەکی رێك و پێك لەگەڵ ئەو دەسکاریانەی کە چاوەڕوان دەکری دەسکاریەکانی تێدا بکری و چاکبکری، کەمن ماوەیەك جێگری مەڵبەندی پێشمەرگە بووم وهەروەها وەکو کارگێری فەرماندەی گشتی خانەنشین کراوم، کەچەندین کەسی وەکو من هەنە هەقە بەرێزان (مام جەلال) و مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی رێکخستن پێیدابچنەوەو تەماشای بکەن بۆ ئەوەی ئێمە هەست بە مەغدوریەت نەکەین، وەیەکسەر داخیلی پرۆسەی هەڵبژاردن بین بۆ هەر یەکی لەو پلەو مەنسەبانەی کە دەمانهەوێت، چونکە ئێمە لەدەرەنجامی ئەخیردا هەر کادیری (ی، ن، ك) ین، لەپێناوی یەکێتیدا کارمان کردووە رێنمایی و سیاسەتی یەکێتیمان جی بەجی کردووە لەهەر شوێنێکدا هەبووبین.

پ2/کە ئێستا خۆت هەڵبژاردووە بەو پڕۆژەیە رازیت و ئیلتیزامی پێوە دەکەیت و لەکوی خۆت هەڵبژاردووە؟

بێستوون سابوراوایی // چونکە دارشتنی پڕۆژەکە بەرێزان مام جەلال و مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی رێکخستن لی ی رازین و هەموویان ئیمزا یان لەسەری کردووە من ئیحترامی دەگرم و ئیلتیزامی پێوە دەکەم و پابەندی ئەو پڕۆژەیە دەبم، وەمن کە خۆم لەناوچەی دوکان لەدا یك بووم بەتەئکید هەر لە شوێنەکەی خۆم، خۆم هەڵ دەبژێرم، وەچاکترین پێوە ر بۆ هەر یەکێك لەئێمە دڵسۆزیەو رابردووی پاکە وە ئیزافەتەن بۆ هەموو شتەکان ئەوانەش:عەقڵی ئیش کردن و هۆشیاریەکی لە رادەبە دەری دەوی وەهەروەها چۆن دەتوانین ئێمە لەو کەسە دڵنیا بین کە دەتوانی ئیدارەی رێکخستنی ناوچەکەو جەماوەرەکەی بکات بەتەئکید دەبی تەجروبەیەك و تاقیکردنەوەیەك و ئەزمونێکی زۆری هەبی ئەو کەسە، من خۆم لەو ئاستەدا دەبینم کە بتوانم هەموو ئیش و کارەکانی رێکخستن و جەماوەرم پی هەڵ بسوڕی وە لە خۆرا دەبینم لە ڕووی (فیکری ورێکخراوەیی و زانستیەوە) بەرنامەی باش و تۆکمەیان بۆ دابنێم،

کە ئەمساڵیش یەکەمی کولیەی ئیدارەو ئیقتیصاد بووم لە بەشی ئابووری) من پێم وابی ئەوە لەلایەکی ترەوە گروتینێکی ترمان پی دەداتەوە کە ئێمە بتوانین هاوزەمان لەگەڵ ئەوانەی کەدەرچوون لە کولیەکاندا زانستی تازەیان پێیە ئێمە ئەو زانستەش دووبارە وەکو ئەوان بەگەر بخەینەوەو دووبارە بەکاری بهێنینەوە، بێجگە لەو تاقیکردنەوەو تەجروبەی خۆمان بێجگە لەو زەخیرە زۆرەی کە هەمانەلە خەبات و تێکۆشان و رابردووی پاك بۆ ئیش کردن کە هەمووماں بە ویژدانەوە دەتوانین لە شتەکان بڕوانین بۆ خزمەت کردنی دوکان.

پ3/گەر بووی بە لێپرساوی مەڵبەندی دوکان واز لە ڕۆژنامەی دێرین دەهێنی کە خۆت سەرنووسەری و تایبەتە بە پێشمەرگەی دێرین؟!

بێستوون سابووراوا یی// کە بووم بە بەرپرسی مەڵبەند یەکەم ئیشم ئەوە دەبی کە ژورێکی تایبەت لە ساختمانی مەڵبەند تەرخان دەکەم بۆ کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان وەتایبەتیش بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی دێرین، لە هەر شوێنێك بم واز لە ڕۆژنامەی دێرین ناهێنم، ئەرکەکانی ڕۆژنامەکە جی بەجی دەکەم چونکە خزمەت کردنی پێشمەرگە دێرینەکانە بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم و لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی خۆشمدا وام کردووە ئاگام لە پێشمەرگە دێرینەکان بووە چەندی بۆم کرابی خزمەتم کردوون، وە ئەو جەماوەرو ئەو خەڵکەش کەلە دێهاتەکان بوون خزمەتی پێشمەرگەیان کردووە ئەوانیش ڕێزی تایبەتیان لای من هەبوەو بەخەمیانەوەم، وەئەگەر هەڵبژێردرام بە لێپرساوی مەڵبەندی دوکان من وای دەبینمەوە کە دێمەوە ناو پێشمەرگە دێرینەکان و ئەو جەماوەرەی کە ڕۆژی لە ڕۆژان خزمەتیان کردووین و لەباوەشیان گرتووین و ئەوان بوون بە هۆی سەرچاوەی گەشە کردنمان لەڕووی فیکری و عەسکەری و پێشمەرگایەتیەوە توانیمان باسکی شۆڕش ئەستوور بکەین وە بتوانین ڕاپەڕین بەرەو سەرکەوتن بەرین.

پ4/لەگەڵ ڕیفۆرم دای کە ئەو ماوەیەی پێشوو باسی لێوە دەکرا؟

بێستوون سابوراوایی// من قەت ئەوە بە ڕیفۆڕم نازانم گەر ئەوە ریفۆرم بی؟!!

پ5/بەرنامەت چی دەبی بۆ گەنج و ڕەگەزی می؟

بێستوون سابووراوایی// من هەر خۆم وام کردوەو واش بووم لەناو پیران ئاگام لەمێشکی پیرانەو تی یان دەگەم، لەناو گەنجان ئاگام لە دڵی گەنجانەو تی یان دەگەم، لەنا و منداڵاندا دەزانم منداڵ چۆن بیر دەکەنەوەو لە سایکلۆجیەتی هەموو چین و توێژی جۆری مرۆڤەکانەکانم خوێندۆتەوەو، لە هەموو بوارەکاندا لەبەر ئەوە ئەگەر بەتایبەتی گەنجانی کوڕو کچ تەماشا بکەین، من ئومێدی زۆر بەهێزم

لەسەر ئەو توێژەیە، من پێم وابی توێژی گەنجان چ کچ بن یان کوڕ دەبی زۆر گرنگیان پی بدری، من خۆم یەکێکم لەوانەی کە خۆم بەنووسەری ئەوان دەزانم لەکاتێکدا کەدەنووسم بیر دەکەمەوە خۆم بە خەم خۆری ئەو کەسانە دەزانم کە بی ئیش و کارن، وە لە کاتێکدا کە تەماشای رابردوو دەکەم رابردوویەکی جوان دەبینم لەوێدا پیرەکان دێتە بەرچاوو، لەکاتێیشدا کە بۆ داهاتوو دەڕوانم بەتەئکید لە مێرد منداڵەکان هەڵدەروانم.

پ6/ئەی بۆ کەسایەتی و پیاوانی ناو عەشیرەت چی دەکەی کە ئەوان توێژی جیاوازن لە گەنج؟

بێستوون سابووراوایی // لەبەر ئەوەی خۆم پاشخانێکی مەلا زادەییم هەیە، لەبنەماڵەی شێخ مەلا ئەحمەدی گەڵنێریم کە ئێستا ئارامگاکەی لە گوندی تۆپزاوای سیاحیەکەی دوکانە، وە خەڵکی ناوچەکە بەڕێزو ئیحترامەوە دەچنە سەر گلکۆکەی، بە تەئکیدیش من هاوکوفی ئەوە ڕێزی تایبەتم هەیە بۆ ئەو بنەماڵەو عەشیرەتانەی کە لەدوکانن دەتوانن دەوری کاریگەرو بەرچاویان هەبی، یارمەتی دەرمان بن بۆ پێش خستنی کارەکانمان تاکو هەموومان گەشە بە دوکان بدەین و کوتلەی دوکان بین.

پ7/بەرنامەت چیە بۆ خزمەت کردنی خەڵکی دوکان؟

بێستوون سابووراوایی// ئەو کاتە هەگبەی پێشمەرگایەتیەکەو کۆڵە پشتەکەم بەکۆڵ دادەم موحاوەلە دەکەم مێشکم پڕ بکەم لە هیواو ئاوات بۆ ئەو خەڵکەو وەمێشکم پڕ ئەکەم لە پلان و پرۆژەی باش بۆ ئەوان بە هاوکاری هەموو برادەرانم لە مەڵبەندو کۆمیتەکان و جەماوەری دێهاتەکان، بە تەئکید ئەوکات من زۆر بڕوام بە دانیشتن نابی لە پشتی مێزەوە، لەوانەیە ئەوەندەی لەدەرەوە بم بۆ سەردان کردنی دێهاتەکان و خەڵك بڕواناکەم ئەوەندە لەپشتی مێزەوە دابنیشم، لەبەرئەوەی بۆ خۆشم تازە لە ئابووری دەرچووم وەکو ئابووریناسێك دەزانم چۆن پرۆژەو نەخشەو پلان دابنێم بۆ ئاوەدان کردنەوە، دەزانم چۆن بیر بکەمەوە ئاوەدان کردنەوە چۆن دەبی پلانی ئابووری و گەشە پێدانی ئابووری دێهاتەکان چۆن دەبی، تازە کردنەوەو موشور خواردنیان چۆن دەبی، بۆیە یەکێك دەبم لەو کەسانەی دەتوانم بڵێم پسپۆڕیم هەیە لەبواری ئابووریشدا، بۆ یە وەك ئەندازیارێکی نەخشە داڕێژەر شەوو ڕۆژ لە خزمەتی خەڵکی دوکان و دەورو بەری دادەبم.